له نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا قیبلە هەیە

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا قیبلە هەیە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - مالیك گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (له نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا قیبلە هەیە): ئەمە ڕوونکردنەوەیە لە لایەن پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە لە نێوان ئاراستەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا قیبلەیەک هەیە بۆ نوێژخوێنەکان، ئەمە وتارێکە بۆ خەڵکی مەدینە وئەوەی لەسەر ئاراستەی ئەوان بێت وەکو خەڵکی شام؛ چونکە ئەوان لە باکووری مەککەن، وئەوانە لە باکووری مەککەن بۆ نوێژ ئەنجامدان ڕوودەکەنە نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، واتا ڕوودەکەنە باشوور چونکە ئاراستەی قیبلەیە. خەڵکی یەمەن وئەوانەی لەسەر ئاراستەی ئەوانن کە دەونە باشووری مەککەوە؛ بەهەمان شێوە بۆ نوێژ ئەنجامدان ڕوودەکەنە باکوور کە دەکەوێتەوە نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاواوە. بەڵام ئەوانەی دەکەونە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای مەککەوە قیبلە لای ئەوان لە نێوان باکوور وباشووڕە؛ چونکە چوار ئاراستە سەرەکیەکە بریتیە لە: باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، بۆیە ئەگەر نوێژخوێن لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا بێت ئەوا قیبلەکەی لە نێوان باکوور وباشووڕە وئەگەر نوێژخوێن لە باکوور یان باشوور بێت ئەوا قیبلەکەی لە نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایە، ئەمیش لە ئاسانکردنی خوای گەورە بۆ بەندەکانی؛ چونکە ئەگەر فەرمانی بکردایە بەوەی دەبێت بە ئەوپەڕی وردەکارییەوە ڕوو لە شوێنی کەعبە بکەن ئەوا نوێژی کەس دروست نەدەبوو، هەندێک لادانی کەم لە ئاراستەی قیبلە بۆ کەسێک کە دوور بێت لە کەعبەوە ونەیبینێت؛ هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەڵام ئەگەر بەئەنقەست وبێ ئەوپەڕی هەوڵدان پشت لە کەعبە بکات یان مەککە بکاتە ئاراستەی تەنیشتیەوە لەم حاڵەتەدا نوێژەکەی دروست نییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10642